# SHORESH

POLITICAL PAPER ISSUED BY THE KOMALA PARTY

komala١٣٤٨@hotmail.com

Editor-in-Chief: Nasser Hessami

www.komala.org

دوالاپەڕە


# یادێك لە شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان



مەهاباد_ ٢ی رێبەندان_ رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان

شەست ساڵ لەوە پێش لە رێکەوتی دوی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویی لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد کۆماری کوردستان راگەیەندرا.

کۆماری کوردستان لە هەل ومەرجێکی ناوچەیی وجیهانی دا رووی دا. پاش دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی و لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٠ ئەرتەشی ئینگلیس لە باشوور و ئەرتەشی رووسیا لە باکووری ئێرانەوە هێرشیان کردە سەر وڵاتی ئێران و بە بێ هیچ چەشنە بەرەنگاربوونەوەیەك هەرکام لەم وڵاتانە دەستیان بە سەر چەندین ناوچەی بەرین لە ئێران دا گرت. لەم هەل ومەرجەدا لە لایەکەوە باشووری کوردستانی ئێران لە لایەن هێزەکانی ئامریکا و بریتانیا دەستی بەسەردا گیرابوو ولەلایەکی دیکەشەوە حکوومەتی سۆڤیەتی ئەو کات باکووری کوردستانی تا شاری ورمێ خستبووە ژێر دەسەڵات و چاودێری خۆیەوە. لەو ماوەیەدا بەنەمان ولابردنی حکوومەتی دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەر وچەوسێنەری رەزا شا فەزای سیاسی ئێران هەناسەیەکی هەڵمژی و خوێنێکی تازەی هاتە دەمار. خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەتایبەت کەسانی سیاسی و رووناکبیرانی ئەوکاتی ئێران بەکەڵك وەرگرتن لەو فەزای نیمچە ئازادە کە بۆیان رەخسابو وە دەستیان دایە هەڵسووڕان وچالاکی نواندن، بۆ نموونە حیزبەسیاسیەکان بەرە بەرە سەریان هەڵدا، رۆژنامە نووسی گەشەی زیاتری سەند و کۆمەڵێك یەکێتی ودامەزراوە کە پێشتر بەهۆی فەزای بەرتەسکی ئێران دەرفەتی خۆ دەرخستنیان پێنەدرابوو و بە توندی مەحکووم کرابوون بۆ جارێکی دیکە سەریان هەڵداو دەستیان بەهەڵسووڕان کردەوە. لە کوردستان و ئازەربایجان بزووتنەوەیەکی سیاسی و رووناکبیری هاتە ئاراوە. لە گەلاوێژی ساڵی١٣٢١ی هەتاویی کۆمەڵەی ژ ك لە ژێر کاریگەری ئەو کەشە ئەدەبی ورووناکبیری وسیاسیە کە لە کوردستان زاڵ بوو لە لایەن کۆمەڵێك لە رووناکبیران وشاعێرانی ئەو سەردەمە دامەزرا. گۆڤاری نیشتمان یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆمەڵەی "ژك" بوو کە راستەوخۆ بۆچوون و سیاسەتەکانی ئەم کۆمەڵەیەی بە شێوەیەکی نهێنی لەناوخەڵکیدا بڵاو دەکردەوە. ئەم بارودۆخە تا ساڵی ١٣٢٤ بەم شێوەیە درێژەی کێشا وپاشان بەهۆی هەل ومەرجی جیهانی وبە تایبەت لە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی حکوومەتی سۆڤیەتی ئەوکات و هەروەها کاریگەری ئەو کەشەی لە کوردستان هاتبووە ئاراوە، کۆمەڵەی "ژ ك" ئاڵ وگۆڕی بەسەرداهات و لەمەو دوا بووە بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. هەر لەم سەروبەرە دا بوو کە لە رێکەوتی ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ لە شاری مە هاباد کۆماری کوردستان را گەیەندرا و قازی محەمەدیش وەك رابەری ئەو حیزبە بوو بەسەرۆك کۆمار.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ ئەگەر چی تەمەنی ئەم کۆمارە لە یازدە مانگ زیاتری نەخایاند و لەسەرماوەزی ١٣٢٥ بە هۆی هێرشێکی بەربڵاوی هێزە سەرکوتگەرەکانی محەمەد رەزا شا بۆ سەر ئەو ناوچەیە و بە لە سێدارە دانی رابەران و بەتایبەت شەخسی سەرۆك کۆمار قازی محەمەد کۆتایی بەتەمەنی ئەم کۆمارە هات، بەڵام توانی لەو قۆناغەدا شوێنەواری گرنگ لە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دابنێ وئەگەرچی نەیتوانی ئاڵ وگۆڕێکی بەرین لەزۆربەی بوارەکاندا بێنێتە ئاراوە بەڵام لە نەفسی خۆیدا و لەو سەردەمەدا وەك دەسکەوتێکی گرنگ دەبێ چاویی لێبکرێ.

باس کردن لە هۆکارەکانی شکستی کۆماری مەهاباد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی جیاواز هەیە کە لەم بابەتە دا ناگونجێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ سەرجەم هێزە چەپ وپێشکەوتنخوازەکان وئەو هێزانەی کە ئاڵای خەباتیان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و بۆ رێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەڵگرتووە گرنگە ئەوەیە کە بە وردی هەموو لایەنەکانی سەرهەڵدان وشکستی ئەم رووداوە لێکبدەنەوەو دەرسی لێوەر بگرن.

## لە پێناو پتەوتر کردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد

## کۆمەڵێك لە کوڕان و کچانی خەباتکاری کوردستان بە ریزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوون

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ٢٤ی رێبەندان بەرابەر لەگەڵ ١٣ی فێڤرییە پۆلێکی دیکە لە لاوانی خەباتکاری کوردستان کە لە پەلی شەهید "مونیرە مودەریسی"_ یەکێك لە هاوڕێیانی ژنی گیان بەختکردووی ناو ریزەکانی کۆمەڵە_ رێکخرابوون لە رێورەسمێکی تایبەت و بە بەشداری کادر و ئەندامان و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بە شێوەی فەرمی بە ریزیهێزیپێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەستبوون.

رێ و رەسمەکە لە ئۆردووگای "تاڵە سوار" و لە ساڵۆنی "هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی" بە سروودی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانین" و دەقیقەیەك بە بێدەنگی وەستان بۆ رێز لێنان لە یاد و بیرەوەری سەرجەم گیان بەختکردوانی رێگای ئازادی و سۆسیالیزم و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان دەستی پێکرد.

بێدەنگییەکە بە سرودێك شکا. دواتر هاوڕێ "ئازاد سەڵەواتی" یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی فێرگەی پێشمەرگایەتی بەم بۆنەیەوە وتاری کۆمیتەی فێرگەی روو بە بەشدار بووان خوێندەوە.

هاوڕێ ئازاد وێڕای پیرۆزبایی پێگوتن بە هاوڕێیانی تازە پێشمەرگە، ئەو ئەرك و وەزیفانەی کە لەمەوبەدوا وەك باسکی بەهێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەوێتە ئەستۆیانی شی کردەوەو هیوای بۆ خواستن لەو پێناوەدا سەرکەوتوو و سەرفەراز بن.

پاشان هاوڕێیانی تازە پێشمەرگە پێناسی پێشمەرگایەتی و چەکەکانیان لە دەست هاوڕێ "عەلی سێف" یەکێك لە راهێنەرانی فێرگەی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە وەرگرت و دوابەدوای سروودێکیان پێشکەش کرد. پەیامی هاوڕێیانی تازە پێشمەرگە بەم بۆنەیەوە لە لایەن یەکێك لە هاوڕێیانیان روو بە بەشدار بووان خوێندرایەوە.

هەر ئێستا کۆمەڵێك لە کچان و کوڕانی بە هەڵوێستی کوردستان لە بەشی پەزیرشی کۆمەڵە چاوەڕوانی دەست پێکردنی دەورەی فێرگەی پێشمەرگایەتین، ئەوانیش بەم بۆنەیەوە پەیامی خۆیان روو بە هاوڕێیانی تازە پێشمەرگە و بەشداربووان پێشکەش کرد.

پاش پەزیرای گرووپی تایبەتی رێورەسمەکە بەشی دووهەمی بەرنامەکان دەستی پێکرد کە تایبەت بوو بە شایی و هەڵپەڕکێ.

ئەم رێورەسمە تا ئێوارە درەنگ وەختان لە ناو شایی و خۆشی بەشدار بووان درێژەی کێشا.

ئا/ئەردەڵان

# رێزگرتن لە ٢٦ رێبەندان لە بارەگای "تاڵەسوار"ی کۆمەڵە











چەند دیمەنێك لە ئاهەنگی رۆژی کۆمەڵە لە بارەگای تاڵەسوار

پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٦رێبەندان بۆ رێزگرتن لە یادی هاوڕێ رێبەر و دامەزرێنەر ویادی بیست وحەوتەمین ساڵڕۆژی ئاشکرا بوونی خەباتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رێورەسمێکی بەشکۆ بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وکۆمەڵێك لەکادر وپێشمەرگەو وبنەماڵەکانی کۆمەڵە لە ئۆردووگای تاڵەسوار وساڵۆنی شەهید شوکێی خەیرئابادی سازدرا. سەرەتای رێورەسمەکە کە بە پێش کەش کاری هاوڕێ فەریبا محەمەدی بەڕێوەدەچوو بە سروودی بانگەواز دەستی پێکرد، پاشان بۆ رێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردووانی رێگای ئازادی و سوسیالیزم و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەقیقەیەك بێدەنگی راگیرا، بێدەنگییەکە بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێك لە لایەن هاوڕێ فەریبا محەمەدی کۆتایی پێهات.

دوابەدوای ئەوە داوا لەهاوڕێ بارام رەزایی کرا تاکوو پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٢٦ رێبەندان ئاراستەی بەشدار بووان بکات. پاش خوێندنەوەی پەیامەکە لە لایەن هاوڕێ بارامەوە هاوڕێیان شۆڕش تەباشیر، محەمەدی فەرهادزادە وسیروانی محەمەدی بە بەشداری کۆڕی مۆسیقای کورد چەند گۆرانییەکیان پێشکەشی بەشداربووان کرد. پاش پێشکەش کردنی ئەم بەرنامەیە بەشی یەکەمی رێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات. بەشی دووهەمی رێوڕەسمەکە وەك هەمیشە تەرخان کرابوو بۆ پەزیرایی وشایی هەڵپەڕکێی. رێوڕەسمەکە لە نێو کۆڕی هەڵپەڕکێ وشادی کۆتایی پێهات.

خاڵی جێی سەرنجی ئەو ئاهەنگە ئامادە بوونی هەواڵنێرانی دوو کاناڵی بەشی ئینگلیسی "ئەلجەزیرە" و "رۆژهەڵات تیڤی" بوو کە لە ئاهەنگەکە رێپۆرتاژیان ئامادە دەکرد.

ئا/ دوالاپەڕە

# ژنانی کرماشان و ئیلام پێشەنگی وەرزشی ژنانی ئێران



ژنانی کرماشانی لە کاتی یاری ئیسکەیت بە جل و بەرگی ئیسلامییەوە

مەسەلەی وەرزش لەم ساڵانەی دواییدا لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. زۆرێك لە ژنانی وەرزشەوانی کورد هەر ئێستا ئەندامی تیمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردەی ئێران و میداڵیای رەنگاورەنگ دەبەنەوە.

بە پێی دوایین راپۆرت دەربارەی ژنانی وەرزشەوانی کورد لە ئێران ٢٨ ژنی کرماشانی لە ٨ لقی وەرزشیدا ئەندامی تیمی هەڵبژاردەی ئێرانن.

پەروین دوخت داوودیان سەرۆکی وەرزشی ژنانی پارێزگای کرماشان لە وتووێژێکدا وتی کە ئەم ٢٨ ژنە لە لقە وەرزشییەکانی تێنیس، وۆشۆ، سوارچاکی، فوتساڵ، بەدمینتۆن، کەبدی، مەلە و شاخەوانی ئەندامی تیمی هەڵبژاردەی ئێرانن و تاکوو ئێستا ٣٨ی میداڵیای زێڕ، ٥٤ زیو و ٢٩ میداڵیایی برۆنزیان لە کێبەرکێ جۆراوجۆرەکان کردۆتە گەردن.

شایانی وتنە کە ژنانی وەرزشکاری پارێزگای کوردستان لە کێبەرکێکانی وڵاتانی ئیسلامی توانیان پلەکانی یەکەم و دووهەم وەدەست بێنن.

لە کێبەرکێکانی یاری کۆنگ فۆی هەڵبژاردەی کچانی تازە لاوی ئیلامیش کە لەو شارە بەڕێوە چوو زیاتر لە ١٠٠ ژنی کۆنگ فۆکاری شارەکانی پارێزگای ئیلام بۆ هەڵبژاردنی تیمی ئیلام بۆ یارییە سەرتاسەرییەکانی ئێران بۆ ماوەی سێ رۆژ پێکەوە کێبەرکێیان دا و لە کۆتایش دا "سیمین فەرامەرزی، زەهرا فەلاحی، نیلوفەڕ موزەفەری، ئەمەل محەمەدی، سارا ئەحمەدی و هۆدا فەخرەدینی بە ریز لە کێشەکانی یەك تا شەشەم بوون بە یەکەم و وەك تیمی هەڵبژاردەی ئیلام دیاری کران.

لە ئیلامیش هەر ئێستا ٥٠٠ ژنی رێکخراو لە لێژنەی کۆنگ فۆ چالاکن.